www.kurdistannet.org
25-10-2006 0:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵەی... پڕ لە پەڵە ... یادگار

لە ڕێکەوتی2006. 10. 20ی زایینی دا، م. ڕ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەڕەشەنامەیەکی بە ناوی: " ڕوون کردنەوەیەکی پێویست" ئاراستەی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کرد. ئەم هەڕەشەنامەیەی (ی. ن. ک) وەک هەڕەشەنامەکانی دیکەی، چووە دووتوێی مێژووی بە خوێن نەخشراوی حیزبەکەی قای، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی دیکەی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بە تێڕوانین و تێرامانەوە، دەیخوێننەوە و لێی ورد دەبنەوە.

دیارە (ی. ن. ک) ئەمە هەوەڵین و دوایین هەڕەشەنامەی نابێت کە بۆ ئەملاو ئەولا، وەک سیگناڵی سوور بەڕێیان دەکات. نێوەڕۆکی ئەم هەڕەشەنامەیە، زەنگێکی مەترسییە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبە پێشەنگ و بە پرستیژەکەی، دەبێت بە جیددی وەری بگرن و ئاکامە کردەییەکانیشی ڕەبگە کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە. یەکێتی هەمیشە بە لۆژیکی سەربازی و شەڕەنگێزی، هەڵوێستی لە بەرامبەر لایەنی دووەم گرتووە و خۆ بەزلزانی و هەستی سەرکاشانەی، هەردەم بەسەر مەنتق و لۆژیکی سیاسییدا، زاڵ و سەرکەش بووە. پێی وابووە و ئێستاش هەر پێی وایە، کە شمشێر، زمانی دیالۆگ و مەنتقە!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی ناسراو، ڕەسەن، بەپرەنسیپ، هۆشیار و خۆشناوی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی و نە تەوایەتییە، ئەمە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، سەلمێنەری ئەم ڕاستتیە بەرجستەیەن، لە گۆڕەپانی خەباتی دیپلۆماسیش دا، کەس بە سوارچاکی و تێکۆشەریی حیزبی دێمۆکرات نەزانێ، ئەوا یەکێتی لە هەمووکەس، باشتر ئەو ڕاستییە دەزانێت. چوونکە شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملووی زانا و دەگمەن، زۆر لە ڕێبەرانی ئەمڕۆی فێری خەباتی دیپلۆماسی کرد، کە ئێستا سەریان لە نێو سەراندا، بەرز و دیارە.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، مێژوو نووسێکی بێلایەنی کورد، کارنامەی ڕابردووی حیزبی دێمۆکرات و یەکێتی، یەکالابکاتەوە، ئەو کاتە ڕاستییەکان، وەک تیرۆژی حەقیقەت بۆ هەموو لایەک، دەردەکەون. ڕاگەیاندراوی م. ڕ (ی. ن. ک) هێندە بەشێوەیەکی ئیحساسی و لە خۆبایانە نووسراوە، کە بۆ مرۆڤی سیاسی و تێگەیشتوو، نەک تەنیا جێگای سەرسوڕمانە، بەڵکوو هیچ لۆژیکێک پەسندی ناکات. (ی. ن. ک) ڕوو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکا و دەڵێ: " ئەگەر قسەی خۆتان وەرنەگرنەوە، ئەوا خەڵکی کوردستانتان دێنمە سەر! ئێوە پەنابەرن و هەتا نافی سرتە دەربڕینشتان نیە! ئەگەر پاشگەز نەبنەوە، بە زەبروزۆر ملکەچی پاشگەزبوونەوەتان دەکەین!!"

بەڕاستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەو ڕابردووە پاک و بێگەرد و پڕ لە خەبات و فیداکارییە، بۆ ئەوە دەبێت کە یەکێتی، بەو شێوەیە ئەمر دەکات؟

شەهید بوونی تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دەستی ئیتلاعات و تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر باڵی یەکێتی، بۆ شاردنەوە دەبێت؟ ئایا لە فەرهەنگی کوردەواریدا، خانەخوێ میوان بە شەق لە ماڵی خۆی وەدەردەنێت؟ (ی. ن. ک) بیری لە دوا ڕۆژی خۆی کردوەتەوە، کە بەم جۆرە هەڵوێست دەگرێ؟ ئایا کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەم شێوە هەڵس و کەوتەی یەکێتی قبووڵ دەکەن؟

ئەگەر یەکێتی دەست لە کاروباری کێشە نێوخۆیەکانی حیزبی دێمۆکرات ورەنادات، چۆنە ئاوەها بەڕوونی لە کێشەکانی حیزبی دێمۆکرات قسەدەکات؟ مەلاعەوڵلای حەسەنزادە بە قۆڵ نێو دەبات، کە ئێستا وەک ئەندامێکی ئاسایی لە نێوحیزبدا دەژی و لە بەرامبەردا، ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی

کوردستانی ئێران، کە لە کۆنگرەی 13ی حیزبدا، بە زۆربەی هەرەزۆری دەنگی بەشدارانی کۆنرە، هەڵبژێردراوە، بە قۆڵ ناودەبات؟ هیچ شک و گۆمانێک لەوەدانیە، کە مەلا عەولّلا، نەک جارێک، دەیان جار لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا، هەڕەشەی هێنانی هێزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی بۆ سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە.

مەلا عەولّلا، بەم ڕەفتار و ئاکار و کردەوانەی، دەیهەوێ سیاسەتی سەربەخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەکەدار بکات و کارێکی ئەوتۆ بکات، کە لایەنەکانی دیکە، دارولەلە بۆ حیزبی دێمۆکرات دیاری بکەن! مامۆستا، هۆستایانە، هەوڵی تەفروتووناکردن و لە بەریەک هەڵوەشاندنەوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەزاران شەهیدی گوماناوی ڕێگای ئازادی و سەربەستی خەڵکی کوردستانی ئێران، دەدات! ئەگەر نا... خۆ ئەو، بە پێی یاسا، نە دەتوانێت ببێتەوە بە ئەندامی ڕێبەرایەتی و نە بۆشی هەیە، ببێتەوە بە سکرتێر!

یەکێتی نیشتمانی لە تەمەنی 31 ساڵەی خۆیدا، تا ئێستا 3 کۆنگرەی بۆ نەگیراوە، کێشە نێوخۆیەکانیشی هێندە زل و گەورەن، بە هیچ تۆپە قوڕێک بۆی ناشاردرێتەوە!

هەڵەکانی هێندە زۆرن، بە هیچ شێوەیەک، ناتوانێت پاساویان بدات!

ڕێژیمی بەعس ڕووخا و زۆر شت دەرکەوتن... ئەگەر ڕۆژێک ڕێژیمی ئاخوندەکانی قوم و تارانیش بڕووخێن، ئەوا ئیدی ئەوکات، دەبێت چاوەڕێی کارەساتی گەورەتر بین.

دەبا ئەم هەڵوێستە توندو عسکەرتارییەتەی (ی. ن. ک) بچێتەی خانەی پەڵە ڕەشەکانی دیکەیەوە.. ڕوو لە مامۆستا مەلا حـەوولّلاش دەکەم و دەڵێم:

" دار ئەگەر هۆرەی لە خۆی نەبێت، ناقەڵشێ"!